www.kurdistannet.org
10-2-2007 23:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە 5 ی خەرمانانەوە بۆ 3 ی جۆزەردان (چەند ووتەیەک دەربارەی دیمانەکەی مامۆستا شێخ جەلال و ئاگادارییەک بۆ خوێنەران) ... ڕاسان

چاوخشاندنێک بە مێژووی پڕ لە کارەسات و دەردەسەریی و شەڕوشۆڕ و لە هەمان کاتدا پڕ لە شانازیی و قارەمانەتیی گەلی کورد نیشان دەدا کە بەدرێژایی ئەو مێژووە چەندین ڕووداوی سیاسی کە جێی بایەخی مێژوونووسان بوون، ڕوویان داوە و نووسراونەوە و هێندێکیش لەو ڕووداوانە بوونە چیرۆکی شەوان و دەما و دەم هاتوون و دێن و لە زۆر جێدا بە ئیشتیا و کەیفی وێژەر لێی کەم کراوە و زیادیی پێوە لکێندراوە و کورد گوتەنی بۆتە تەیرێکی مەعقوول و دندووک و باڵی کراوە.

گەیاندنی مێژووی هەر گەل و هەر نەتەوەیەک لەلایەن مێژوونووسان و شایەتحاڵانی ڕووداوان بە نەوەکانی دوای خۆیان ئەمانەتێکی گەورەیە و گەیێنەران گەرەک ئەو ئەمانەتە گرینگە وەک چۆن بووە وای بگەیەنن و لە ناڕاسیی خۆ ببوێرن. مێژووی کەوناری نەتەوەی کوردیش وەک زۆربەی نەتەوەکانی دی چۆن هاتوە وا وەرگیراوە و ئەگەر شتێکی ئەفسانەشی لەپاڵدا بێ یا ناڕاستی یەکی بەرچاوی تێ خزابێ، کە بێگومان تێی خزاوە، تازە بۆتە موڵکی ئێمە و مامۆستا هەژار گوتەنی پوولی قەڵب سەر بە ساحەبیەتی. بەڵام ئەوەی من لێرەدا گەرەکمە ئیشارەی پێ کەم مێژووی نوێی نەتەوەکەمانە کە دەترسم ئەویش بە مەرامی مێژووی کەونارامان بچێ و کەس لەسەری هەڵنەداتێ و مێژوونووسی بێ دەربەستیش، جا لە ترسان یان لەبرسان، چۆنی بوێ و چۆنی پێ بڵێن وای بنووسێ. بۆیە ئەرکی مێژووناسە مێژوونووسە ڕاستگۆکانە بەگژ ئەو ئاکارە دزێوەدا بچن و چەوێڵەکان ڕاست کەنەوە و درۆهەڵبەستان لەقاو بدەن.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابوردوودا دیمانەیەکی کەسایەتی کورد مامۆستا شێخ جەلالی حسینی لە ماڵپەری دیمانەدا بڵاوکرایەوە کە زۆربەی پرسیارەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوووەوە هەیە و ئەوەش بەشێکی گرینگە لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان.

هەرچەدن مامۆستا لە وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکرێ بیلامانێ وەکوو تەشوێ هەر بۆلای خۆی دادەتاشێ و هەر من من و خۆم خۆمیەتی بەڵام گەر کەمێک بە ئینسافەوە لە وەڵامی پرسیارەکان بڕوانین دەردەکەوێ کە لە زۆربەی ئەو باسانەی باسیان دەکا (بێجگە لە خۆ بە شت زانینەکەی) ڕاست دەڕوات و ئەو ڕووداو و کارەساتانەی سەردەمی شۆڕشی ئێرانێی وەک کووی دیوە و کووی بیستووە دەگێڕێتەوە. ئەو لە درێژەی باسەکاندا بە درێژیی باسی ژیانی خۆی لە سەردەمی، ژ.ک و پێشەوای شەهید و دوایە شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی شەخسیی خۆی و کاکی و ئەحزابی کوردیی و ئێرانیی لە شۆڕش دا و دەفتەری شێخ عزالدین و هەردوو شەڕی سێ مانگە و جێژنی قوربان و وتووێژی نێوان نوێنەرانی کورد و دەوڵەت، دەکا.

من لێرەدا نامەوێ لە شێوە و شێوازی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن مامۆستاوە بدوێم، چونکە خوێنەر هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی وتووێژەکەدا هەست بە کرچ و کاڵیی یان بێ عەیبیی و کەماڵیی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە وەڵامدانەوەدا دەکا، کە لە زۆر جێگەی وادا خوێنەر ناچار بزەی دێتێ و لە هێندێک جێش لێی ناگیرێ قاقاش لێدا. لە زۆر جێدا و لە میانەی وەڵامدانەوەدا زۆر لەو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیانەی لە دەورانی شۆڕش دا لە گۆڕەپانی مەیدانی سیاسی دا بوون، دەکەونە بەر تەوس و پلاری مامۆستا و هێندێک لەو کارەساتانەی لەو دەمەدا روویان داوە هۆکارەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێنێتەوە، تەنانەت کاکیشی لە تیری توانجی وی دەرباز نەبووە و لە هێندێک جێ پێکاویەتی. من تا ئێرە شتێک شک نابەم هێند ناڕاست بێ شایان بە راستکردنەوە بێ، چونکە پێم وایە ئەوەی مامۆستا باس دەکا زۆری راستە و زووتریش باسی لێکراوە و کەسانی دیش لەو بارەوە شتیان نووسیوە و کەسانێکی زۆر کەم هەبوون، یان هەر نەبوون، نکوولیی لەو باسانە کەن. ئەگەر کەسانێکیش لایان وایە شتێکی ناڕاست لەو بارەوە لەلایەن مامۆستاوە گوتراوە تازووە با ناڕاستەکان راست کەنەوە و مامۆستاش بۆ سەر راستەڕێ بگێڕنەوە.

بەڵام لە گەرمەی پرسیارەکان دا مامۆستا بیری دەچی کە جەنابیان وەڵامی پرسیاری ماڵپەڕێکی کوردیی دەدەنەوە و تەنها هەر خۆی لە قسەکانی بەرپرسیارە و گەر زۆر وریای لەخۆی نەبێ پێوە دەبێ، بۆیە کاتێک پرسیار دەربارەی (خەبات) و دامەزرانی و "جوێ بوونەوەی مەلا خدر لە جەنابی" و هۆکار و ئاکامەکانی، لێ دەکرێ تێکی دەدا و بەسەر زۆر شتدا باز دەدا و ئەوەی دەیلێ نایلێتەوە.

مامۆستا لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە جەنابیان دامەزرێنەری (خەبات) ن، کەمێک ئینساف بەکاردێنێ و وەک هەمیشە خۆی بە تاکە سواری مەیدان و تاکە دامەزرێنەری خەبات و دارێژەر و نووسەری پەیڕەو و پڕۆگرامەکەی ناناسێنێ و دەڵێ " یەکێك لە دامەزرێنەرانی بووم"، هەرچەند ئەو فەرمایشتەشی وەک زۆریانی نادرووستە و جەنابیشی ئاگادارە و چاک دەزانێ کاتێک پرۆگرامی (خەبات) لەلایەن مامۆستا مەلا خدری عەبباسی یەوە دەنووسرێ و هەر لەلایەن ئەویشەوە پێشانی کاکی دەدرێ و پێشنیاری پێ دەکرێ بکرێ بە بەرنامەی دەفتەر و کە کاکی ڕازی نابێ دەکرێ بە بەرنامەی خەبات، جەنابی ئاگاشی لێ نەبوو وا ئێستا خۆی وەک پاڵەوانی مەیدانێ بە خوێنەران دەناسێنێ.

لە درێژەی پرسیارەکاندا مامۆستا، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، رادەکێشرێتە نێو باس و خواسی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی سێ ی جۆزەردانی شێست و شەش و لێی دەپرسرێ "باشە مەلا خدر بۆ جیا بۆوە لە تۆ؟"، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا مامۆستا بە خەیاڵی بەتاڵی خۆی هۆکاری "جیابوونەوەی مەلا خدر" بۆ چەند کەسانێک باس دەکا کە ئاگاداری بارووdۆخی (خەبات) ی پێش شێست و شەش نین، ئەگەر ئاگاداریش بن لە وردەکارییەکانی هۆکاری "جیابوونەوە" شتێک نازانن، بۆیە مامۆستا زۆر شت بیر خۆی دەباتەوە و بەسەر زۆر شتدا باز دەدا و هەموو هۆکارەکانی "جیابوونەوە" لەوەدا کورت دەکاتەوە کە پێی وایە جەنابیان زۆر موخلیستر بوون بۆ کورد و بۆ کوردایەتیی، جا بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەر بشێوێنێ و بۆ نیشاندانی دڵسۆزبوونی خۆی کوڕەکانی وەک نموونە دێنێتەوە و دەڵێ "نموونەی چاکی ئەوە بووە کە هیچ مەفرەزەیەکی سازمانی خەبات نەبووە کە حەزم نەکردبێ کوڕەکانی خۆم لەپێشەوە نەبن، نەمگێڕاونەوە. وەختی وا هەبووە هەر سێ کوڕە گەورەکانم لە جەبهەدا بوون. زۆریش قارەمانانە کاریان کردووە و هیچ کاتێکیش دەستم پێوە نەگرتوون"!!! هەر لە درێژەی ئەو باسەدا ئاماژە بە بابەشێخی کوڕی دەکا کە جێی ساغی لە لەشیدا نەماوە پرینچک و ساچمەی چەکی دژمنی پێ نەکەوتبێ، بەڵام مامۆستا بیری دەچێ کە ئاماژە بە تەنها کات و شوێنی یەک لەو جەبهانە بکا کە بابەشێخی کوڕی لە پێشیدا بە پرینچک و ساچمەی دژمن پێکرابێ.

پاشان درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ کە گوایە هەرچی زەویوزاری هەی بوو، هەرچی موڵک و ماڵی هەیبوو، تەنانەت بیست هەزار میترا! زەویەکەی بانەشی داگیرکراوە و بە نەبووی داناوە! بەڵام مەلا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خدر هیچی نەفەوتاوە و تەنانەت زەویەکەی رەبەتیشی بۆ فرۆشرا و پارەکەشی وەرگرتەوە. . . . . باشە ئەگەر پرسیار لە مامۆستا بکرایە ئەو هەموو ماڵ و سامان و بیست هەزار میتر زەویەت لە چ کونێکەوە پەیدا کرد؟ وەڵامی جەنابیان چ بوو؟ باشە مامۆستا وەک خۆی دەفەرموێ هەر لە هەژدە ساڵییەوە و ئەوەتەی فامی کردۆتەوە کوردایەتیە دەکا و هەر لەسەر کوردایەتیش ماڵ وێران و دەربەدەر بووە!، کەواتە حەقمانە بڵێین تۆیەک بەو حاڵ و وەزعەوە ئەو سامانەت لە کوێ بووە؟!.

لە کۆتاییدا خوێنەرانی تامەزرۆی حەق ئاگادار دەکەمەوە کە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشی ئێران و بۆ راستکردنەوەی چەواشەکاریی یەکانی جەنابی مامۆستا دەربارەی دامەزران و دامەزرێنەرانی خەبات و هۆکار و ئاکامەکانی و پاشان راپەڕینە پیرۆزەکەی سێی جۆزەردان کە مامۆستا بە "جیابوونەوە" ناوی دەبا، سەرنجتان بۆ زنجیرە ووتاری (سەرنجێک لە راپەڕینە پیرۆزەکەی سێی جۆزەردان) رادەکێشین.

شایانی گووتنە کە ئەم زنجیرە ووتارە لە نووسینی مامۆستای شەهید مەلا خدری عەبباسی یە کە لە چەند ژمارەی یەک بەدوای یەکی گۆڤاری تێکۆشان (ئۆرگانی ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕ) دا بڵاوکراونەوە.

بەو هیوایەی چیتر راستیەکان نەشێوێندرێن و مامۆستا شێخ جەلال و شێخ زادەکانیش ئەو حەقە تاڵە قبووڵ بکەن کە زەمانی کێلێ و ماوەت و میراوە بەسەرچوون کە وا بزانن چۆنیان بوێ وای رێک خەن و راستیەکان گۆڕبەگۆڕ کەن و دەمی حەقخوازان ببەستن تا دەنگیان بەکەس رانەگا.

چاوەڕێ بن. . . ئێوە و زنجیرە ووتاری (سەرنجێک لە راپەڕینە پیرۆزەکەی سێ ی جۆزەردان)

rasan-khabat@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.